# چۆن بتوانین یادەوەریمان بە نووسراوی لەسەر کاغەز ببینین؟

عەلی حوسێن
لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل
(کەرکووک)

«کتێبەکان کەڵەکە کاغەزی مردوو نین.. ئاوەزگەلێکن لەسەر ڕەفەکاندا دەژین»
**گیلبەرتهایت**

مێژووی کاغەز بۆ پتر لە دوو هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە. لە هەزارەی دوامیندا لە مێژووی مرۆڤایەتی، کاغەز بووە بەشێک لە ژیانمان. ڕەنگە یەکێک لە ئێمە نەپرسێت ئەم کاغەزەی تێیدا دەخوێنینەوە چییە، لە بەردەممانندا شتێکی تەخت و لووسە، بەڵام ئایا ئەمە فێڵە؟ جارێک لە کتێبێکی جواندا بە ناوونیشانی (مادده لە ژیانماندا) خوێندمەوە، ئەم کاغەزە لووسە بریتییە لە گردێک لە ڕیشاڵی بێ کۆتا، لە وردی لە گورزێک کا دەکات. ناتوانین هەست بە بنیادی ئاڵۆزی بکەین، چونکە لەسەر ئاستی گەردبینی ئەندازە کراوە، هەندێک جار هەستی بەرکەوتن تێ دەپەڕێنێت، کاغەز بووەتە ئامرازمان بۆ بەدیهێنانی گەشت بۆ جیهانە نوێیەکان. نووسین لەسەر کاغەز هونەری بەرجەستەکردنی هزر و تێڕوانین و خەیاڵکردنە.

ئەلبەرتۆ مانگوێل جەخت لەوە دەکاتەوە نووسین سەر بە کۆمەڵێک هونەری ئامادەکردنی پەیوەست بە وێناکردنی بیر و هەست و گواستنەوەیە. جارێک لە (ئەنیشتاین)یان پرسی، لەوکاتەدا مژووڵی نووسین بوو: «چی دەکەیت؟» وەڵامی

دانەوە: «هەوڵ دەدەم جیهان بدۆزمەوە و لە شوێنێکی بچووکدا ناوی کاغەزە لێی ڕابمێنم».

لە یاداشتەکانیدا (ئیزابێل ئەلێندی)ی ڕۆماننووسی چیلی گێڕانەوەیەکی وردمان سەبارەت پێوەندیی بە کاغەزەوە بۆ دەگێڕێتەوە: «لە هەشتی کانوونی دووەمی ١٩٨١دا چارەنووسم گۆڕا، لەو مێژووەدا ئێمە لە (کاراکاس) بووین، پێوەندییەکی تەلەفۆنیمان بۆ هات، پێی گوتین باپیرم گیان دەدات. نەمتوانی بگەڕێمەوە چیلی ماڵئاوایی لێ بکەم، بۆیە ئێوارێ بە مەبەستەوە کۆمەڵێک کاغەزم لە بەردەممدا دانا، تا شتێک لە پەیامی ڕۆحی بکات، بۆ ئەو پیرەمێردە خۆشەویستە بنووسم. گریمانەی ئەوەم کرد بایی ئەوەندە ناژی بیخوێنێتەوە، بەڵام ئەوە نەیوەستاندم. ڕستەی یەکەمم بە سەرمەستییەوە نووسی: «باراباس لە ڕێگەی دەریاوە گەیشت». باراباس کێ بوو؟ ئەی بۆچی لە ڕێگەی دەریاوە هات؟ بەم بیرۆکە تەمومژاوییە دەور نەدرابووم، بەڵام بەردەوام بووم و شێتانە تا بەرەبەیان نووسینەکەم تەواو کرد، بەڕادەیەک شەکەت و ماندوو بووم بە زگەخشکێ بەرەو جێخەوەکەم ڕۆیشتم. مێردەکەم ورتەورتێکی کرد: خەریکی چی بوویت؟ وەڵامیم دایەوە: جادوو. هەر بەڕاستیش وابوو! بۆ شەوی دواتر دوای ئەوەی نانی شێوانم خوارد، جارێکی دی لە ئاشخانەکە دەرگەم لەسەر خۆم داخست، بۆ ئەوەی بنووسم. هەموو شەوێک کارەکە پاتە دەبووەوە، تەواو ئەو ڕاستییەم بیرچوو باپیرم مرد. ئەم دەقە گەشەی سەند و وەک بوونەوەرێکی زەبەللاحی چرنووکدار گەورە بوو، لەگەڵ کۆتایی ساڵدا لەسەر مێزی ئاشخانەکە پێنج سەد لاپەڕەم نووسی، هەرگیز لە نامە نەدەچوون. ئەوە یەکەمین ڕۆمانم بوو (ماڵی ڕۆحیانەتەکان) لەدایکبوو».



**ئیزابێل ئەلێندی**

زۆربەی ڕۆمانەکانی ئیزابێل ئەلێندی لە ڕەفێک لە ڕەفە گەورەکانی کتێبخانەکەم حەساونەتەوە، ماوە نا ماوەیەک دەگەڕێمەوە سەریان. ئەو ئافرەتەی هاوینێک لە ساڵی ١٩٤٢دا لەدایک بوو، ساڵانی یەکەمی لە ماڵی باپیری ژیا، ماڵێکی سەیر داپیری شەیدای تارمایی بوو، لەم ماڵەدا دوو خاڵی ڕەفتار سەیری هەبوون، یەکیان چەندان ساڵی لە هیندستان بەڕێ کردبوو، ژیانی هەژارێکی هیندی دەژیا بە سانسکریتی دەدوا و تەنیا لەسەر سەوزە دەژیا، ئەوی دیکەیش شێت و شەیدای خوێندنەوە بوو، بەهۆی ئەوەوە ڕۆمانەکانی تۆڵستۆی، ئیمیلی برۆنتی، فۆکنەر و دیکنزی خوێندنەوە. لە یازدە ساڵی لەگەڵ دایکیدا گواستیانەوە، تا لە بۆلیڤیا بژین، دوای چوار ساڵ لە شوێن گۆڕین لە نێوان بۆلیڤیا و بەیرووت و ئەرژەنتین لەگەڵ دوو براکەیدا دەگەڕێتەوە چیلی، تا سەرلەنوێ لە خانووەکەی باپیری بژی، پازدە ساڵیی بە چەند مانگێکی کەم تێپەڕاندبوو، خۆی ئامادە دەکرد ببێتە ڕەبەنخاتوون، لە دڵی خۆیدا بڕوای وابوو بە درێژایی ژیانی بێ هاوسەر دەمێنێتەوە. لە تەمەنی چل ساڵیدا کاتێک ڕۆژێکی ساڵی

١٩٨٢ پۆستە پێنج دانەی لە یەکەمین ڕۆمانی (ماڵی ڕۆحیانەتەکان)ی بۆ هێنا، هەستی بە ترس و تۆقین کرد لەوەی نهێنییەکەی ئاشکرا بێت، لە چەکمەجەی مێزەکەیدا شاردییەوە. دەبوو هەفتەیەک چاوەڕوان بێت بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکان بە ڕۆماننووسێکی تازەدا هەڵبدەن، وێنەی بە تەنیشت وێنەکانی (مارکیز) و (یۆسا)وە دابنێن. ڕۆمانەکە لە نێو ئەندامانی خانەوادەکەیدا، ئەوانەی بینییان ژیانیان لای ئەوانی دی ئاشکرابوو، هەرای نایەوە. (ئیزابێل) دەڵێت: «لە ساڵانی دواییدا تاقە شتێک فێری بووم، هیچ شتێک واناکات ڕوحم بگەشێتەوە، وەک دانیشتبم و کاغەزێکی سپی لە بەردەممدا بێت، وام لێ بکات هەست بکەم لاوم، بەهێز و گڵپەسەندوو و بەختەوەر».

کاغەزی دروستکراو لە ماددەی نەرمتر لە دار و بەرد، وەک پاسەوانی پەیڤی نووسراو بردییەوە. (ئەمبەرتۆ ئیکۆ) دەنووسێت: «کەڵەکەکردنی کاغەز لەسەر یەک لە شێوەی کتێبدا بە بەکارهێنانی بەرگی ڕەق وا دەکات پێکەوە نووساوتر و قایمتر بن، وای لە کتێب کرد بۆ هەزاران ساڵ وشە بپارێزێت».

کتێبەکانی مێژوو پێمان دەڵێن نەدەکرا لە ساڵانی دێریندا هیچ شتێک بە هزر و حەکایەت بکرێت، تەنیا بە زارەکی پاراستنیان و هەوڵی دەستاودەستکردنیان لە نێوان خەڵکدا، بۆ ئەوەی بیرنەچنەوە، ئەودەم کاغەز نەبوو تێیدا بپارێزرێن. هەموو ئەوەی ڕووی دەدا، دەبوو مرۆڤ لە یادگەیدا بیانپارێزێت و لە ڕێگەی ئەم یادگەیەوە بۆ یادگەیەکی تر بیانگوێزێتەوە. لە گەنگەشەیەکی (ئەفلاتوون)دا (فیدرۆس) سوکرات حەکایەتی خوایەکی میسری دەگێڕێتەوە، ئەویش خوای مەعریفە و داناییە لای میسرییە کۆنەکان، لەگەڵ نووسیندا و چۆن دایهێنا. هاتە لای (تامیس)ی پاشای میسر داهێنانە نوێیەکەی خستە بەردەمی، (تحووت) بە پاشای میسری گوت: «ئەوە یەکێک لە لقەکانی فێرکردنە، یادگە باش دەکات. ئەم دۆزینەوەیەم بۆ پاراستنی یادگە و جاویدانیی دانایی بە چارەسەر دادەنرێت»، کەچی پاشای میسر دیارییەکەی ڕەت کردەوە و گوتی: «ئەگەر میللەت فێری ئەمە بێت، ئەوە لەسەر لەبیرچوونەوە ڕادێن. ڕاهێنان بۆ یادگەیان ناکەن. ئەوەی تۆ دۆزیوتەتەوە دانایی ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو ڕواڵەتی داناییە».

هەڵبەت (سوکرات) بەردەوام دەبێت لە جەختکردنەوەی لەسەر ڕۆڵی یادگە لە بەرانبەر نووسیندا. (سوکرات) لە ساڵی ٤٥٠ی پێش زایین لەکاتێکدا ژیا تازە کتێب دەرکەوتبوو، تێکستەکانی (ئەلیادە) لە شێوەی دەستنووسی درێژی کشاو نووسرابوونەوە، درێژیی هەندێکیان دەگەیشتە ٦٠ پێ، لەسەر گەڵای پەستراوی زەل لە میسرەوە هێنرابوون، بە یەکەوە دەلکێنران. ئەم تێکستانە خوێندنەوەیان دژوار بوو، بەڵام لەو سەردەمەدا زەحمەت بوو شێوازێکی تر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی پاراستنی زانیارییەکاندا دابهێنرێت.

* * *

بۆ یەکەمین جار لە کتێبێکدا لە زنجیرەی (قادة الفكر) دەرچوو بە ناوونیشانی (هۆمیرۆس.. شاعیری نەمری) بە حەکایەتی تەڕوادە ئاشنا بووم. ئەودەم تەمەنم حەڤدە ساڵان بوو، کتێبەکە قەبارە بچووک بوو، لەسەر کاغەزێک لە جۆری خراپ چاپکرابوو. بیرم دێت ئەو دەمی بۆ یەکەم جار خوێندمەوە، هەندێک شتی سادەی لێ تێگەیشتم، دەربارەی شاعیرێکی نابینا هەشت سەدە پێش زایین ژیاوە، ناوی ئەو داستانەی

نووسیبووی (ئەلیادە) بوو، جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. ناوی ئەو شارەی هۆمیرۆسی تێدا ژیا، (ئەسکا) بوو، دوورگەیەک بوو لە دوورگەکانی یۆنان، هەرچی ئەو حەکایەتەیە لە میانەی هەردوو داستانی (ئەلیادە) و (ئۆدیسە) وە بۆمانی دەگێڕێتەوە ئەو شەڕەیە لە نێوان تەڕوادەییەکان و گریکەکاندا ڕووی دا، کە دە ساڵی خایاند. ڕەنگە تەڕوادە یەکەمین چیرۆکی شەڕ بێت وردەکارییەکانی دەخوێنمەوە و بۆم دەردەکەوێت جەنگێکی زۆر کۆن و دوورە لە جیهانی ئێمەوە، هەروەها سەرەتاییترە، بەڵام بەشێکە لە جیهانێکی ئەفسووناوی، دەتوانیت تێیدا خوایەکان ببینیت بە تەنیشت مرۆڤەوە دەجەنگن. (هۆمیرۆس) وەک سەرچاوەکان پێمان دەڵێن شاعیرێکی نابینا بوو، هۆنراوەکانی لە بەردەم هاووڵاتییە یۆنانییەکاندا دەخوێندنەوە، وەک چۆن شاعیرانی گەڕۆکی تر هۆنراوەکانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگواستەوە، بەڵام (هۆمیرۆس) لە دیدی یۆنانییانەوە شتێکی دی بوو، ئەو بێ ڕکابەر شاعیری شاعیران بوو، تەنانەت فەیلەسووفە گەورەکانی یۆنانیش، وەک (سوکرات)، (ئەفلاتوون)، (ئەرستۆ)، ئەوانەی گەلێک لاپەڕەی کتێبەکانیان بۆ گفتوگۆ لەسەر داستانەکانی تەرخان کرد، گومانیان لە پێگە و پایەی نەبوو.

هیچ شاعیرێکی دی، یان کەسایەتییەکی تری ئەدەبی لە ژیانی میللەتەکەیدا پێگەی هۆمیرۆسی نەبوو، بەلای ئەوانەوە هێمای دیاری نەتەوەکەیان و کەسێکی کاریگەر بوو لە پێکهاتەی ئەنجوومەنی خوایەکانیان. (ئەفلاتوون) لە (کۆمار)دا دەنووسێت: «گریک هەبوون بە توندی بڕوایان وابوو (هۆمیرۆس) یۆنانەکانی فێرکرد و شایانی ئەوەیە بکرێت بە ڕابەر لە کاروباری خەڵک و ڕۆشنبیرییان، مرۆڤ لەسەریەتی بە چاولێکردن لەم شاعیرە، سەرلەبەری کارەکانی ژیانی ڕێک بخات».

تا ئێستا ژیانی (هۆمیرۆس) لە ئەفسانە دەچێت، زۆر ڕای لەبارەوە هەیە، لێ ئەوی جێگیرە ئەوەیە، (هۆمیرۆس) لە خانەوادەیەکی هەژار و نەناسراو، لە یەکێک لە شارەکانی یۆناندا لەدایک بووە، بە منداڵی مەیلی بیستنی هۆنراوە و شیعر ئەزبەرکردنی هەبووە، بە لاوی هۆنراوەی دەخوێندەوە، بێگومان بە دڵی خەڵکەکە نەبوون، ئەمەش وای لێ کرد ساڵانێک شارەکەی جێ بهێڵێت، پاشان بە تەمەن گەورەیی بگەڕێتەوە بۆی، تا سەرلەنوێ ئەو هۆنراوانە بخوێنێتەوە تێیاندا هاووڵاتییەکانی بلیمەتی و پێگەیشتنی نوێی ئەویان بەدی کرد، ئیدی ناوبانگی بڵاوبووەوە و شارەکانی یۆنان لەسەر میوانداری کردنی و ڕێزلێنانی کێبڕکێیان بوو.

پاش ئەوەی لە خوێندنەوەی کتێبی (هۆمیرۆس) بوومەوە، دەستم بە گەشتی گەڕان کرد بە دوای نووسینەکانی ئەم شاعیرەدا، لە میانەی زنجیرەی (کتابي)، دانەیەک لە داستانی (ئەلیادە)م دۆزییەوە. ڕووداوەکانی داستانەکە بە ناکۆکییەک دەست پێ دەکەن لە نێوان (ئەخیلیۆس)ی مەزنترین جەنگاوەری گریک و نێوان (ئاگا مەمنوون)ی گەورەترین پاشا و سەرکردەی باڵای لەشکرەکان، دەربارەی پرسێک پەیوەستە بە یەکێک لە ئافرەتە تەڕوادەییەکانەوە، ئەوانەی وەک کەنیزەک کەوتنە دەست ئاخییەکان. هەنگینێ ئەم ناکۆکییە دەست پێ دەکات ئاخییەکان دەستیان بە ساڵی دەیەمیان کردبوو لە گەمارۆدانی شاری تەڕوادەدا، لە هەوڵێکیاندا بۆ گرتن و گەڕاندنەوەی (هێلین) ی هاوسەری (مینلاوس)، ئەوی (پاریس)ی کوڕی پاشای تەڕوادە فریوی دا و قایلی کرد لەگەڵیدا بۆ

وڵاتەکەی ڕەدووی بکەوێت، دوای ئەوەی میوان بوو لای مێردەکەی، پاشان (هۆمیرۆس) ئاکامی تووڕەیی (ئەخیلیۆس) دەگێڕێتەوە کە چۆن لەشکرەکان ناتوانن بێ جەنگاوەرێکی مەزنی وەک ئەو بجەنگن. (ئەخیلیۆس) وەک (هۆمیرۆس) لە داستانەکەیدا بۆمانی دەگێڕێتەوە کوڕی یەکێک لە پاشاکانە، لە تیتسی پەریی دەریا بووی، ئەوی (زیۆس)ی خوای خواکان ئاشقی بوو و وازی لێ هێنا.

دایکی زۆری خۆش دەویست، ویستی بیپارێزێ و ئاگای لێ بێت، هێشتا منداڵ بوو بردی بۆ ڕووبارێک لە جیهانی خوارەوە پاژنەی پێی گرت و لە ئاوی پیرۆزی هەڵکێشا. ئیدی جەستەی پتەو بوو، واتا ئەستەم بوو ئازاری بدرێت، یان زامدار بکرێت و زیانی پێ بگات، تەنیا پاژنەی پێی نەبێت ئەو شوێنەی دایکی گرتی. کاتێک بوو بە گەنج دایکی داوای لە ئاسنگەرەکەی خواوەند کرد زرێیەکی پێ ببەخشێت ئاسن و ئاگر نەیبڕن، لە ئەنجامی قایل نەبوونی (ئەخیلیۆس) بە بەشداریکردن لە جەنگدا نزیکترین برادەری (پاترۆکلۆس) لەدەست دا، ئەوەبوو لەسەر دەستی (هیکتۆر)ی پاڵەوانی ئەفسانەیی تەڕوادەییەکان کوژرا. کاتێک (ئەخیلیۆس) مەرگی هاوەڵەکەی دەبیستێت، لە تووڕەییباندا شێتگیر دەبێت و بڕیاردەدات بگەڕێتەوە مەیدانی شەڕ، ئیدی دەیان سەرباز و سەرکردە دەکوژێت و هەمووان لە دەستی هەڵدێن، لە شوورەکانی تەڕوادە خۆیان مات دەدەن، تەنیا (هیکتۆر) نەبێت، کە لە شەڕێکی توندا بەرانبەر (ئەخیلیۆس) دەکوژرێت.

لەشکری تەڕوادەییان دوای مردنی (هیکتۆر) لاواز دەبێت، بەڵام لەودیو شوورەکانی شارەکەیانەوە، کە گرتنی بۆ لەشکری ئەخیلییان زەحمەت بوو، خۆیان پاراستبوو. لە کۆتاییدا (ئۆدیسیۆس) بە ئیلهامی خواوەندی ئەسینا پلانێکی زیرەکانە دادەهێنێت، لەپڕ سەربازگەکە جێ دەهێڵن و سواری کەشتییەکانیان دەبن بۆ گەڕانەوە بۆ وڵات، لەو دەشتەش ئەسپێکی زەبەللاحی دارین جێ دەهێڵن و بەهێزترین جەنگاوەرانی لە ناودان. بەرەو دوورگەی تیندۆسی نزیک دەڕۆن و تا شەو لەوێ دەبن، پاشان دەگەڕێنەوە. تەڕوادەییەکان تەفرە دەخۆن ئەسپەکە بۆ ناو قەڵاکە دەبەن و ئاهەنگ و بەزم و هەرا دەگێڕن. لە درەنگانی شەودا جەنگاوەرە یۆنانییەکان لە ناو ئەسپەکەوە دادەبەزن و پاسەوانەکان دەکوژن، پاشان دەروازەکانی تەڕوادە بۆ هاوڕێیانی چاوەڕوانکراویان دەکەنەوە. یۆنانییەکان تەڕوادە تاڵان دەکەن و پیاوەکانی دەکوژن و ئافرەتەکانیشیان دەکەنە کەنیزە. (بریام) پاشا دەکوژن و (ئەندرۆماک)ی هاوسەری (هیکتۆر) بە دیل دەبەن.

هەرچی (ئۆدیسە)یە ئەوە بابەتەکەی هەمەڕەنگترە، تێیدا هۆمیرۆس باس لە گەڕانەوەی (ئۆدیسیۆس)ی پاشای جەنگاوەر دەکات لە شەڕی تەڕوادەدا بۆ نیشتمانەکەی لە ئیساکا. لە بەرایی داستانەکەدا دەزانین (ئۆدیسیۆس) وێڕای تێپەڕبوونی پتر لە دە ساڵ بەسەر کۆتایی شەڕەکەدا هێشتا نادیارە، خەڵکی شارەکە بڕوایان وایە مردووە و ئیدی ناگەڕێتەوە. لەبەر ئەمە بەدەمسپییان هەوڵ دەدەن لە (پنیۆڵی)ی شاژن نزیک ببنەوە، ئەوی هیوا بەگەڕانەوەی (ئۆدیسیۆس) لەدەست نادات، بۆیە بڕیاردەدات (تلیماخۆس)ی کوڕی بنێرێت سۆراخێکی باوکی بکات.

لە بەشی دووەمدا (ئۆدیسیۆس) لە گەشتی گەڕانەوەدا دەبینین، دوای ئەوەی خواوەندی ئەسینا داوای لە (زیۆس)ی گەورەی خواکان کرد لە ژێر ڕکێفی (کالیپۆس)ی پەریی

دەریا قوتاری بکات، دوای گەشتێکی سەخت (ئۆدیسیۆس) بەر تووڕەیی (پۆسیدۆن)ی خوای دەریا دەکەوێت. لە دواییدا دەگاتە دوورگەی ئەسخیریا لەوێ پاشاکەی میوانداریی دەکات، ئیدی (ئۆدیسیۆس) ئەو مەترسییانەی بەسەریدا هاتبوون لەگەڵ ئەو زەحمەتییانەی تووشیان هات بۆی دەگێڕێتەوە، بۆیە (ئەسخیریا)ی پاشا بڕیاری یارمەتیدانی دەدات، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە شاری ئیساکا.

هەرچی بەشی سێیەم و دوایی داستانەکەیە تێیدا (ئۆدیسیۆس) دەبینین گەڕاوەتەوە وڵاتەکەی خۆی، زۆربەی نەجیبزادانی چاو لە تەختبڕیو دەبینێت، بڕیاردەدات جلی گەدایەک بپۆشێت بۆ ئەوەی بتوانێت دزە بکاتە ناو کۆشکەوە بێ ئەوەی کەس ناسنامەکەی بناسێتەوە جگە لە هاوسەر و کوڕەکەی. (هۆمیرۆس) داستانەکە بە سەرکەوتنی (ئۆدیسیۆس) و گەڕانەوەی ئاشتی بۆ وڵاتەکەی کۆتایی پێ دەهێنێت.

* * *

لە چاخە کۆنەکاندا گەر یەکێک بیویستبایە لە ژیاندا ببێتە پاڵەوان، دەبوو فێری لەبەرکردنی دەقە کۆنەکان بێت، ئەگەر یەکێکیش ویستی فێری دەقێک بێت دەبێت ئەزبەری بکات. شێوازی خوێندنەوە لە چاخە دێرین و ناوەندییەکاندا تەواو لە شێوازی ئەمڕۆمان جیاوازە، ئەوکات خوێنەر نەک هەر تێکستەکانی لەبەر دەکرد، بەڵکوو کاوێژیشی دەکردنەوە. (جیۆڤانی بۆکاشیۆ)ی ئیتاڵی لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: «هۆنراوەکانی هۆمیرۆس دەمژم و لە یادگەمدا دەیانچێنم». وەک چۆن تەمومژ و ئەفسانە ژیانی (هۆمیرۆس)یان داگرتبوو، ئەوە چیرۆکی (بۆکاشیۆ)ش تژی بوو لە نهێنی، ئەو کوڕی ناشەرعیی (بۆکاشیۆ دی چێلینۆ)یە، یەکێک لە بازرگانانی ئیتاڵیا و کچێکی فەرەنسی. ساڵی ١٣١٣ لە پاریس لەدایکبووە، ساڵانی لاویی خۆی لە شاری (ناپۆلی) بە بازرگانیی باوکییەوە خەریک بووە، لە هەمان کاتدا یاسای دەخوێند. لەو ماوەیەدا (هۆمیرۆس)ی خوێندەوە، ئیدی شەیدای بوو، هەروەها هۆنراوەکانی ڤێرجیل و ئۆڤیدی خوێندنەوە. لە (ناپۆلی) کەوتە داوی خۆشەویستیی (ماریا داکوینۆ)وە، ئەوی دواتر خوێنەران بە «ڤیامیتا» ناسییان، بووە ژنە کارەکتەری سەرەکی لە کارە گەورەکەیدا (دی کامیرۆن)، لەوێدا باسی سەرکێشییە سۆزداری و سێکسییەکانی خۆیمان لەگەڵیدا بۆ دەکات. دوای پێوەندییەک پتر لە دە ساڵی خایاند، (ماریا) تووشی نەخۆشیی تاعوون هات، دەڵێن گوایا (بۆکاشیۆ) ئەرکی پەرستیاریی ئەوی خستە سەرشانی خۆی. دوای مردنی بڕیاردەدات بۆ ئەدەب تەرخان بێت، بە گەشتێک بۆ سەردانیی مەزاری (هۆمیرۆس) و (ڤێرجیل) دەڕوات، لەوێ لە بەردەم گۆڕەکانیاندا بەڵێن دەدات ژیانی خۆی بۆ ئەدەب نەزر بکات. لە یادی کۆچی دوایی خۆشەویستەکەیدا، دەست بە نووسینی گەورەترین کتێبی (دی کامیرۆن) دەکات، تێیدا بیرەوەریی خۆی سەبارەت بەو تاعوونە چەپەڵە دەگێڕێتەوە، کە هێشتا لە یادی ماوە، ئەمەیش لەڕێی سەربردەی پاڵەوانەکانییەوە، کە سێ پیاو و حەوت ئافرەتن لە ترسی تاعوونەکە بەرەو دەرەوەی شاری فلۆرەنسا هەڵدێن. دەگەنە شوێنێکی سەلامەت، بەڵام نازانن خۆیان بە چییەوە سەرقاڵ بکەن، بۆیە کاتەکەیان بە گێڕانەوەی حەکایەت بۆ یەکتری بەسەر دەبەن، لە ماوەی دە ڕۆژدا هەر یەکەیان دە حەکایەت دەگێڕێتەوە، سەرجەم حەکایەتەکان دەگەنە

سـەد حەكايـەت.

(بۆكاشيۆ) كتێبەكـەی (ديكاميرۆن) وا دەست پـێ دەكات تێيـدا هـۆكاری هەڵبژاردنـی ئـەو سـەد چيرۆكـەی بـە زمانـی پاڵەوانەكانييـەوە دەيانگێڕێتـەوە، پێمان دەڵێت، هەروەها وەسفی ئـەوە دەكات چـۆن پەتـای تاعـوون سـاڵی ١٣٤٨ شـاری فلۆرەنسـا وێـران دەكات و لـە دنيـای دادەبڕێت، هەروەهـا چـۆن مـەرگ بـووە چارەنووسـی حەتمـی ئـەو.

لـە هاوينـی سـاڵی ١٩٨٧دا كازۆ ئيشـيگورۆ لەوديو مێزی نووسينەوە دادەنيشێت (ئەليادە) دەخوێنێتـەوە، لـە لۆرنـای هاوسـەری پرسـياری ئـەو يادگە قەبەيە دەكات (هۆميـرۆس) هەيـووە و وای لـێ كردووە ئـەم هەمـوو دێڕانە لەبـەر بكات و لـە گشـت بۆنەيەكـدا بيانڵێتـەوە. بيرۆكـەی يادگـە سـەرقاڵی دەكات لـەو دەمـی كتێبـە بەناوبانگەكـەی برگسـۆن (مـاددە و يادگـە)ی خوێندەوە، تێيدا فەيلەسووفی ناوداری فەرەنسی جەخـت لـەوە دەكاتـەوە يادەوەرييەكانمـان بـە زيندوويی لـە قووڵايی هەستدا دەمێننـەوە، هـەر جارەی مۆركێكـی نـوێ وەردەگـرن، لـە ئەنجامـی يـادی دۆخـە پێشـينە هەڵگيراوەكانـی پێشـوو لـە قووڵايـی هۆشـدا، بەمـە هەميشـە خۆمـان دەبينينـەوە لـە بەرانبـەر سـاتێكی ڕەسـەنی نـوێ لـە سـاتەكانی مێـژووی زينـدوو نوێكـراوی كەسـايەتييەكی پێشـكەوتووی پێگەيشـتوو. (ئيشـيگورۆ) لـە دەفتـەری ڕۆژانـە ياداشـتەكانيدا ئـەم دەسـتەواژەيەی خـوارەوە دەنووسـێت لـە يەكێـك لـە كتێبـە فەلسـەفييەكاندا خوێندبوويـەوە: «بيـرت نەچێـت بيـرت بێتـەوە». ئـەودەم سـی و دوو سـاڵان بـوو. پێشـتر دوو ڕۆمانـی دەرچووبـوون (ديمەنێكـی زەردهەڵگـەڕاو لـە گردەكانـەوە) و (هونەرمەندێـك لـە جيهانـی ئـازادەوە).

(ئيشـيگورۆ) دەينووسـی و لـە هەمـان كاتيشـدا دەيخوێنـدەوە و دەربـارەی مێـژووی بريتانيـا لـە دەورانـی نێـوان هـەردوو جەنگـی جيهانيـدا بـە سـەرچاوەگەلێكدا دەچـووەوە. شـەيدای كتێبەكانی بيرمەنـدی سۆشياليسـت (هارۆڵـد لاسـك) بـوو، هەوڵـی دا ئـەوی دەربـارەی ژيـان لـە دێهاتـە ئينگليزييەكانـدا بڵاوكراونەتـەوە بەدەسـت بهێنێـت، بـۆ مـاوەی شـەش هەفتـە بـەردەوام بـوو لەسـەر نووسـينی ڕۆمانێـك بـە يەكـدا دەچێـت و يەكـدی دەبڕێـت لـە نێـوان يادگـەی تـاك و مێـژووی نيشـتمانی لـە ميانـەی كەسـيەتيی (سـتيڤنس) ی سـەرۆكی خزمەتكارانـەوە، كـە لـە كۆشـكێكی دێرينـی ئينگليزيـدا كاردەكات، دەبينێـت خزمەتـی مرۆڤايەتيـی كـردووە لەبـەر هيـچ نـا تەنيـا لەبـەر ئـەوەی هەمـوو لێهاتوويـی و شـارەزايی پيشـەيی خـۆی بـۆ خزمەتـی پياوێكـی مـەزن تەرخـان كـردووە، لـۆرد دارلنگتـۆن. بـە هێنانـە بەرچـاوی مێـژووی لـە پيشـەكەدا (سـتيڤنس) بـۆی ئاشـكرا دەبێـت، ئەمـەش وادەكات هەمـوو شـتەكان بخاتـە ژێـر پرسـيارەوە: مەزنيـی لـۆرد، پێوەنديـی بەوانـی تـرەوە، مانـای ئـەو ژيانـەی دوورەپەرێـز لـە هەمـوو شـتێكدا ژيـا جگـە لـە ئيشـەكەی، مانـای شـكۆی پيشـەيی، ئـەو زەمەنـە ونبـووەی هـەوڵ دەدات بيگەڕێنێتـەوە.

لـە ڕۆمانەكـەدا دەبينيـن مێـژوو و يادگـە شـياون بـۆ هەڵبـژاردن و پياچوونـەوە بـە شـێوەی هەميشـەيی: «يادگـە بـەلای تاكـەوە ڕێـك وەك مێـژوو وايـە بـەلای دەوڵەتـەوە».

ڕووداوەكانـی ڕۆمانـی (پاشـماوەی ڕۆژەكـە)، لـە سـاڵی ١٩٥٦ لە كۆشـكی (دارلنگتـۆن) ڕوودەدەن، كـە خاوەنكارێكـی ئەمريكـی بەكرێـی دەگرێـت، (سـتيڤنس) دەبينيـن بـە ئۆتۆمۆبيلـی موڵكـدارە تازەكـە بـۆ گونـد دەسـت بـە گەشـتەكەی دەكات،

بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا دەسـت بـە گەشـتێکی ئـازاراوی لـە یادگـەدا دەکات. لێـرەدا بـۆی دەردەکەوێـت و وای لـێ دەکات هەمـوو شـتێک بخاتـە بـەر پرسـیار: مەزنیـی لـۆرد، کـە دڵسـۆزانە خزمەتـی کـرد، هەروەهـا مانـای ژیانـی، کـە بـە شێوەیەک ژیا دوورەپەرێز لە گشت شتێک تەنیا کارەکـەی نەبێت، هەرچی بیرۆکـەی گەشتەکەیە، ئـەوە بـە نیەتێکی ژیرانـە (ئیشـیگۆرۆ) وەریگـرت، تـا پێمـان بڵێـت پاڵـەوان چەندێـک لـە کۆشـکی (دارلنگتـۆن) دوورکەوتـەوە، ئەوەنـدە لـە تێگەیشـتنی ئـەو ژیانـەی نزیـک دەبـووەوە لـەوێ بەسـەری بـرد.

کەسایەتیی (ستیڤنس) لەم ڕۆمانەدا ڕەنگدانەوەی هـزری (ئیشـیگۆرۆ) و ڕامانـە تایبەتەکانیەتـی، هەروەها ناڕوونیی دنیابینی لای ئەو و لەسەر ڕۆیشتن بـەردەوام بـوون بـە ئاراسـتەی هەڵـە. کەسـیەتی بەوپـەڕی وردییـەوە نەخشـێنراوە، خەسـڵەت و ناتەواوییەکانـی سروشـتی سـڵکەرەوەی بەرجەسـتە دەکات، ئـەو کەسـێکی سـەنگین و پرۆفیشـناڵە، دەکۆشـێت سیسـتم و دیسـپلین و ئاسـتی خزمەتـی نایـاب لـە کۆشـکی خاوەنکارەکـەی بپارێزێـت، ئـەم ڕەنجانـە هەمـووی بەسـەر ژیانی کەسـێتییدا دەڕژێن و دایدەپۆشـن پیاوێکـی تەمومـژاوی و بەتاڵیـان جێهێشـتووە. (ئیشـیگۆرۆ) دەنووسـێت، ئـەو ئەدەبـەی پێویسـتە پێشکەشـی خوێنـەری بکەیـن، دەبێـت سـنووری زمـان و یادگەمـان ببڕێـت و بـە شێوەیەکی دروسـت گوزارشـت لـەوەی ڕووی دا لـە بچووکترین ڕووداو لە ژیانماندا بکات. دەبێت دەرک بـەوە بکەیـن بەدەسـتهێنانی نزیکترین چاپی ڕاستگۆ لـە واقیـع دەکرێـت لـەو چیرۆکانـەوە بێـت، لەوانـە دەچـن پێـش پتـر لـە ٢٠٠٠ سـاڵ هاووڵاتییەکـی یۆنانـی نووسـیویەتی، نـاوی (هۆمیرۆس)یـان لـێ نـاوە.

سەرچاوە:

علي حسين، غوايات القراءة، دار اثر للنشر والتوزيع، السعودية - ط١، دمام ٢٠١٩، ص١٣٥ - ١٤٤.